The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# کۆنفرانسی ساڵانەی ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی

# OPCW



ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی , ڕێکخراوێکی ئەنتەرناسیۆناڵەو لە ساڵی **1997** دامەزراوە, کار دەکات لە پێناوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی بنەبڕ کردنی لە جیهاندا , داخوازە هەموو وڵاتانی جیهان پەیوەست بن بە پەیامەکەیەوەو ببن بە ئەندام تیایدا , کە تاکو ئێستا **145** وڵات بوونە بە ئەندام لەم ڕیچکخراوەیە , دژ بە بازرگانی کردنە بە چەکی کیمیاوی و ئەو مادە کیمیاویانەی لە دروست کردنی چەکی کیمیاویدا بەکار دەهێنرێن , یارمەتی و هاوکاری ئەو وڵاتانە دەکات کەوتونەتە بەر هێرشی چەکی کیمیاوی , دروشمی ئەوەیە کیمیا بۆ ئاشتی , بودجەی ساڵانەی **60** ملیۆن ئیرۆیە , وڵاتانی ئەندام تیایدا دابینی دەکەن .

ئەمساڵ لە نێوان **7–11 – 11–2005** لە شاری لاهای هۆڵەند کۆنفراسی ساڵانەی دژ بە چەکی کیمیاوی بەست . تیایدا دەیان توێژینەوە لەم وڵاتانەی خوارەوە پێشکەش کران : ((ئوستراليا– ئازەربایجان – بەنگەلادیش– بۆسنیا– کەنەدا– چین– کۆڵۆمبیا – کوبا – چیك– ئیکوادۆر – سلفادۆر – یەکێتی ئەوروپا – فلپین – فرانسا – غابۆن– غانا – ئەندەنوسیا– جامایکا – ژاپۆن– مکسیك–نیولاند–نرویج – پیرۆ –

**pdfMachine - is a pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
**Get yours now!**
“Thank you very much! I can use Acrobat Distiller or the Acrobat PDFWriter but I consider your product a lot easier to use and much preferable to Adobe's" A.Sarras - USA

فلپین– ڕواندا – سلفادۆر – باشوری ئەفریقا– کۆریا – سودان – سویسرا– تایلەند– ئۆگەندە – ئۆکرانیا– ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا – فەنزویلا– ڤێتنام )).

لە هەموو وڵاتانی جیهانەوە بانگهێشتن کرابوون بۆ کۆنفرانسەکە , لە ئێرانەوە دوو وەفد بەشداری کۆنفرانسەکە بوون , یەکیان لە تارانەوە کە کەسێکی شاری سەردەشتیشیان لەگەڵدا بووە , هەروەها نوێنەرانی ئەنجومەنی پارێزگاری لە مافی زامدارانی کیمیاوی شاری سەردەشت **odvcw** یش وەفدی دووەم بوون , هەموو خەرجی هاتوو چۆو مانەوەیان لەسەر خۆیان بووە , تەنها بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان بگەیەننە جیهان بەشداریان کردووە .

نوێنەرێکی چاك یش کاك عەلی ڕەحیمی , بە هاوکاری ئەنجومەنی سەردەشت بەشداری کۆنفرانسەکەی کرد , لە میانەی کۆنفرانسەکەدا پەیوەندی لە گەڵ زیاتر **80** دەزگاو نوێنەرانی دەوڵەتان بەستووە , کە لە **157** وڵاتەوە بەشدار بوون لە کۆنفرانسەکە , هەروەها زیاتر لە **15** ئێن جی ئۆ .

لە کۆنفرانسەکە وێنەی قوربانیانی شاری سەردەشت پیشان دراوە , سەرباری چەند وێنەیەکی شاری هەڵەبجە و پیشاندانی فلیمێك لەسەر کیمیا بارانکردنی گونی زەردە لە ناوچەی کرماشان .

هەروەها لەگەڵ سەرپەرشتیاری ڕێکخراوەکە پەیوەندی بەستووە , بۆ ئەوەی ساڵانی داهاتوو چاك بە فەرمی بەشداری کۆنفرانسەکە بکات , وەك ڕێکخراوێکی ئێن جی ئۆی سەربەخۆ , ئەویش پێخۆشحاڵی خۆی دەربڕیوە .


## ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد–چاك

[WWW.CHAK.INFO](http://www.chak.info)





**pdfMachine - is a pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
**Get yours now!**
“Thank you very much! I can use Acrobat Distiller or the Acrobat PDFWriter but I consider your product a lot easier to use and much preferable to Adobe's" A.Sarras - USA

















**pdfMachine - is a pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
**Get yours now!**
"Thank you very much! I can use Acrobat Distiller or the Acrobat PDFWriter but I consider your product a lot easier to use and much preferable to Adobe's" A.Sarras - USA